# خوێندكاران و قوناغێكی نوێ لە تێكۆشان !

## ڕێبوار عارف

مارسی 2005

سەرەتای دەهەی هەشتاكان خوێندكارانی كوردستان توێژێكی كاریگەرو بەرچاوبوون لە سەنگەرگرتن دژ بە حكومەتی بەعس و یاساو ڕێساكانی. خوێندكاران لەو سەردەمانەدا وەك ڕەمزی ڕاوەستانەوە داینەمۆی دژایەتی كردنی بەعس ناسرابوون. بە تایبەت زانكۆ و پەیمانگاكان مەڵبەندی سیاسەت و گەشەسەندنی زۆرێك لە حزب و ڕێكخراوەكان و بەتایبەت بووە ناوەندی گەشەكردنی شەپۆلی سیەهەمی بزوتنەوەی چەپ و ماركسیست لە كوردستان. بەلام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت خەبات و تێكوشانی خۆێندكاران لەو سەردەمەدا زیاد لەهەرشتێك خۆی لە شێوازی ئەنتی بەعس بوون و حكومەتەكەیدا دەبینیەوەو هەروەها شعارو داخوازی و ڕاپەرینەكانیشیان زیاتر بەرئەنجامی كاردانەوەی استبدای بەعس و دەست درێژیەكانی حكومەتەكەی بوو بۆ سەر خەڵكی كوردستان. بەلام ئەوەی لەمرۆژانەدا دەبیستین و دەبیین جۆرێكی تر و ئاستێكی تر لە خەباتی خوێندكارانی كوردستان نیشان دەدات كە سەرەتای هێزنوواندن و هاتنەمەیدانی جولانەوەیەكی بەهێزی سیاسی كۆمەلایەتی و پێشرەو و ڕادیكاڵ كە دەتوانیت بێتە جەمسەرێكی كاریگەر لە هاوكێشەی ئەو گۆرانكاریانەی كە لە كۆمەڵگایەكی مەدەنی و سكولاردا دەبێت بخولقێت.

نارەزایەتیەكانی ئەمرۆژانەی خوێندكارانی زانكۆی سلیمانی و هەولێر لە ڕواڵەتدا لەپەیوەند بە كردنەوەی زانكۆی ئەهلییە لە سلیمانی. كە بەبروای من ئەمە لەپاڵ هەر هەقیقەتێكیشدا ( كە دواتر من دیمەوە سەر ئەم لایەنەی )، بەلام ناتوانێت سیمای تەواوی ئەو ڕاستیانە نیشان بدا كە جولانەوەیەكی ئاوا فراوانی لە كوردستاندا بە دوای خۆیدا كێشاو سەرئەنجام لە چەند ئاستی بالادا حكومەت و حزب و وەزارەت و نیهادو لایەنە پەیوەندارەكانی ناچار بە گفتۆگۆ كردن و ملدان بە هەندێ لە داخوازیەكانی خوێندكاران كردوە.

هەقیقەت ئەوەیە كە دوا بە دوای گۆڕبەگۆڕكردنی حكومەتی بەعس، خوێندكاران لە كوردستان سەرباری هەموو گرفت وئاستتەنگی و ئەو تۆپخانە اعلامیەی كە حزب ولایەنەكان بانگێژەی بۆ دەكەن و دەیانەوێت بە ڕووخانی حكومەتی بەعس ئیتر دفتی داخوازی و داواكاری یە هەنوكەی یەكانی خەڵك بكەن و یا لەباشترین حالەتدا خەڵكی لە سیناریۆی گۆڕبەگۆڕكردنی حكومەتی بەعسدا بهێڵنەوە. تابەم شێوە بتوانن قوناغی ژیانی ئەمرۆ لە سایەی حكومەتە بندەستەكەی ئەمریكاو حزبە قەومەیی ئیسلامیەكاندا بەلوتكەی ئەو دەستەلاتە پیناسە بكەن كە خەڵكی مل بدەن بە هەرجۆرە بێمافییەك. بە تایبەت دەزگاكانی ڕاگەیاندن لەمبارەوە دەورێكی كاریگەر دەبینن و لە تواناو ئیمكاناتێكی بالا بەهرەمەندن بۆ سەرمەست كردنی خەڵكی بە ئاهەنگی نەمانی بەعس و هەروەها لە پیاهەڵدان و بە" بەهەشت " شوبهاندنی كوردستان و پەراوێز كردنەوەو وەلاخستی هەرجۆرە خواست و داواكاری یەكی چین و توویژەكانی خەڵكی كوردستان.

بەلام گرنگترین تایبەتمەندی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرینانەی ئەمرۆژانە پڕ ڕەنگكردنەوەی ئەو نـــــا گەورەیە كە زۆر پێشتر دەستی پێ كردوە! نا ووتن یان نارەزایەتی دەربرینی خوێندكاران مەسەلەیەك نەبوو تەنها بۆ داكۆكی كردن لە ئاستی معریفەو پاراستنی ستاندارتی زانكۆكان و ڕێگەنەدان بە گەنكاری و فەسادی سیاسی و ئیداری، بەڵكو نــــایـــــەك بوو دژ بەو بریارانەی كە لە هۆڵی داخراوی حزب ولایەنە سیاسی یەكانەوە دەدرێت لە سەروخواست و ئیرادەی خوێندكاران و خەڵكی كوردستانەوە. كە دەكریت ئەمەش تەنها بە یەكیك لەو جولانەوانە لەقەلەم بدریت كە دەنگی ناكانی كۆمەڵگا گەورەتر دەكاتەوە. مەگەر جمجۆلی خوێندكارن لە سەرەتای مانگی كانوونی دووەمدا بۆ پێداگرتن لە كۆمەڵێك داواكاری وەك دابین كردنی سووتەمەنی وئاو كارەبا، خوێندكارانی شاری سلیمانی نەكێشایە سەر شەقامەكانی شاری و پاشان ئاسایشی حكومەتەكەی یەكیەتی بە زەبری چەك و تەقەلێكردن و دەسكیركردن و چاوترسان بلاوەیان پێكردن.

مەگەر گۆرینی سیمای خۆپیشاندنی 2 / 10 / 2004 لە بۆ پشگیری كردن بۆ ریفراندۆمەوە، نەكرایە مەیدانی پێداگرتن لەسەر جیابوونەوە كوردستان وپێكهێنانی دەولەتی سەربەخۆ؟ مەگەر هەمان خۆپیشاندان دواتر علاوی پاشای زەغلەت نەكردو زمانی شۆڤێنیستیانەی نەچەرخاند دژ بە مەسەلەی جیابوونەوەو خواستەكانی خەڵكی كوردستان. مەگەر دانانی سندوقی ڕادان بۆ ریفرندۆم لە 31 / 1دا زیاتر لە 98٪ خەڵكی كوردستان دەنگیان نەدا بۆ جیابوونەوەی كوردستان وپێكهێنانی دەولەتی سەربەخۆ، ئاخر لە یادمان نەچێت هەر خوێندكاران بوو بربرە پشتی

ئەنجامدانی ئەو چالاکیانەی کە دواتر سەرکردایەتی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی ناچار بە پاکانەکردن کرد بۆ وولاتانی ناوچەکەو (برا هاودینیەکانیان). مەگەر سکرتیری یەکتیەتی نیشتمانی دواتر لەبارەی ڕادانی خەلکی کوردستان بۆ جیابوونەوە نەکەوتە دلنەوای کردنەوەی دۆستەکانی و نەیفەرموو (...مەسەلەی جیابوونەوە بۆ موزایدەکردنە .....) .

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاوڕێك لە هەڵوێستی حزب و حکومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانی بدەینەوە !
لە ماوەی 14 ساڵی ڕابردودا هەرگیس یەکیەتی بە ئەندازەی ئەم ڕۆژانە لە ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خویندکاران نیگەران نەبوون. کاتیك کە زانیان ئیتر شانخالی کردن لەبەرامبەر بە هاتنەمەیدانی خویندکاران وەك دەورەی ڕابردو لە ڕێگەی نەبوونی مۆلەتی خۆپیشاندان و چاوترسان و دەستگیرکردنیانەوە دایان نادات ، بە ناراچار چوونە ئەو مەیدانەی کە هاتنەمەیدان و هێزی خوێندکاران بۆیانی دیاری کرد. دەبێت ئەوەش بڵێین کە لەم مەیدانەش زۆر هەوڵیاندا کە لە ڕێگەی دبلۆماسی و گفتوگۆو کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەکی سەرۆکی ئەنجومەن و وەزارەت و مەکتەبی سیاسی ...یەوە بە ئەنجامیك بگەن و تا خویندکاران قانع بکەن بەوەی کە چاوپۆشی بکەن لە هەڵوێستی خۆیان، ئەگەر تەنانەت بە نرخی ملدان بە هەندیك (( چاسازی )و پاشەکشەش بووبێت ئەوا پرۆژەی کردنەوەی زانکۆی ئازاد بەسەر خویندکاراندا داسەپێنن. بەلام ڕۆشنە ئەم زمانی دیالۆکە زۆر لەگەل سرۆشت و تایبەتمەندیەکانی یەکتیەتی و ئەم حزبە قەمی یانەدا نایەتەوەو سەرئەنجام لە خۆپیشاندانی خوێندکاران و پشتگیری کردنی زانکۆی سەلاحەدیندا سەرجەم زیاتر لە 12 کەس بریندارکرا لە ڕۆژەکانی 9 / 3 و 13 / 3 / 2005. بۆ خەلکی کوردستان، ڕەوشتی سەرکوت و ناچارکردنی نەیارانی سیاسی لە ڕێگەی زۆرەوە دیاریدەیەکی ئاشنایە لە فەرهەنگی سیاسی یەکیەتیدا. هەربۆیە کاتێك کە هەموو ئورگانەکانی گرێدراو بەم هێزە بەو ئەقلیەتەوە پەروەردەکرابن و زمانی توندوتیژی بووبێتە بەشێکی جیانەکراوە لەبیرکردنەوەو ئەقلەیەت و هەڵوێستگیریان لەبەرامبەر بەهەر دیاریدەو ڕووداوێك، ئاسای یە کە داخوازی ( نا بۆ زانکۆی ئەهلی ، بە تەقەی حکومی وەلام وەرگریتەوە).

بیهێنە بەرچاوی خۆتان کاتێك کە معریفە، ئاستی ڕۆشنبیری، زمان و بەخەم بوونی وەزیرێك کە بە وەزیری خوێندی بالای کوردستان ناسراوە لەو ئاستەدا بێت کە لەوەلام بە پرسیارەکانی دەزگاکانی راگەیاندندا بڵێت (... خویندکاران چیان دەویت لەوە زباتر ...) وە یا مانگرتنی خویندکاران بە ( ئیرەی و ئەنانیەت لەقەلەم بدات ... دواجار بلیت نەك هەر دایناخەین بەلکو زانکۆی دیکە دەکەینەوە... ). ئیتر بۆ دەبیت لاپەڕەی ڕۆژنامە ئەهلەیەکانیش نەبێتە هەواڵنێرو گوزارشتگەری ئەو بارودۆخە میلیتاریستی یەی کە تێدا بەکارهێنانی دەستکی دەمانجەو لەخۆین هەلکێشان جەستەی لاوان لە کۆنفرانسەکانی خوێندکاراندا بێتە مانیشتی گەورەو سیمای شارستانی ناوەندێکی هەستیاری ڕوو لە ئایندەی وەك زانکۆ بکرێتە مەیدانی تووندوتیژی. کە ئەمەش بە کردەوە یانی داخستنی ئایندە بە ڕووی لاوانێکدا کە دەیانەوێت دەورێکیان هەبێت لە بنیادنان و بەرەو پێشەوە چوونی ئەم کۆمەلگایەدا. کاتێك کە وەلامی خۆپیشاندان و دەربرینی بیروڕاو داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکان بە زمانی چەك و تەقەکردن و بریندار کردن و دەستگیری و دادگای کردن و لێپسرسینەوەو زیندانکردن و چاوترسان کۆتای بێت. کاتێك کە بازگەکان بکرێنە خالی پشکنینی بیروباوەڕو ڕێگرتن لە خوێندکارانێك کە پەیمامی هاوپشتی یان پیٰ یە، ئیتر هەرچی بووتریت هەر درەنگەو نەك هەر ناکرێت هیچ خۆشخەیالیەکمان بە ئایندەیەکی باشتری خوێندکاران هەبێت، بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا خویندکاران چۆن و لە چ ڕێگەیەوە دەتوانن لەبارودۆخیکی وەهادا درێژە بە خەبات وتیکۆشانیان بدەن و بە خواست و داواکاری یە ڕەواکانی خۆیان بگەن؟

## هەڵوێستەیەك لەبەردەم ئایندەدا !

ئەگەر خالێکی پرشنگداری ئەم جولانەوەیە، هەڵوێست نواندنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحدین بووبێت بۆ پشتگیری کردن لە ماف و داخوازیەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلیمانی، ئەوا لایەنێکی تری گرنگو کاریگەری ئەم جولانەوەیە بۆ درێژەدان بە خەبات و چارەسەرکردنی ڕێگری یەکان لەگرەوی خۆڕێکخستن و سەرتاسەری کردنەوەی هەڵسوڕان و هاتنە مەیدانە لە هەموو شارو ناوچەکانی عیراق و کوردستاندا.

خوینکاران لە پرۆسەی خەبات و تیکۆشانیاندا جێگەو ڕێگەو هەڵوێستی سیاسی و عەمەلی هەموو حزب و لایەنەکان و بە تایبەت ڕێکخراوەکانی خویندکارانیان هاتە دەست. بیٰ هەڵوێستی زۆرێك لە حزب و لایەنەکان لەبەرامبەر بە هاتنە مەیدانی خوێندکاران، کە بەشێوەیەکی فراوان بووە جێگەی سەرنجی بیروڕای گشتی، مەسەلەیەکی چاوەڕوان کراوبوو. چوونکە یەکیەتی و حکومەتەکەی وەك لایەنی دەستەلاتدار و بەرپرس و لیپسراوی ڕووداوەکانی ئەمڕۆژانەو ئاکامەکانیەتی، بەرژەوەندیەکی دیاری کراو هەیە لەمەڕ کردنەوەی زانکۆی ئەهلی و ئەو نەخشەو پیلاونانەی

که دایرشتووه. که بیێ گومان ڕێکخراوەکانی خویندکاران و لاوانی سەربە یەکیتییش گەردن لە مو باریکترەو ناکرێت چاوەرانی یەکی لەوە زیاتریان لیێ بکرێت کە بەردەوام لە پاکانە کردن و پاساوکردندان بن بۆ حزب وحکومەتەکەیان. بەلام زەلیلیەکی زۆر لەمەش گەورەتر هەڵوێستی حزب و لایەنەکانی تربوو کە تەنها یەك حزبی سیاسی لە کوردستاندا بەدی نەکرا کە لە چوار پەرگرافدا ئەگەر قسەیەکیان لەسەر کردنەوەی زانکۆی ئەهلیش نەبیت، ئەوا تەقەکردن لە خویندکاران و دەستگیری کردنی خوینکاران مەحکوم بکەن. کەواتە یەکیك لە گرنگترین ئەو سەرنجانەی کە دەبێت خویندکارانی زانکۆ لەسەری ساغببنەوە هەولدان و کارکردنە بۆ خۆریکخستن و پیکهینانی ڕێکخراوی راستەقینەی خۆیان. کە ڕەنگە دروست کردنی ڕێکخراوی (لیژنەی کاری خویندکاران ) لە گەرماوگەرمی خۆپیشاندانی خویندکارانی بەسرەدا بۆ ڕێکخستنی خوێندکاران لەئاستێکی زۆر فراواندا، نموونەیەکی زۆر سەرکەوتوانەی ئەو هەنگاوە لەقەلەم بدرێت کە خوێندکارانی کوردستانیش بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی خۆیان پێویستیان پێیەتی!

دواچار ماوەتەوە کە ئەوەش بڵین، کێشەی خوێندکارانی کوردستان ئەوە نیە کە پێویستیان بە زانکۆی ئەهلی هەیە یانا، با جاریێ لەوەش گەڕێین کە حکومەتێك بەهەر بەهانەیەکەوە نەویەویت پاش 14 سال دەستەلات هێشتا ئاو کارەباو سووتەمەنی بۆ خویندکاران دابین بکات، ئایا دەبێت ئەو حکومەتە چ پەیوەندیەکی هەبیت بە خواست و ئارەزوەکانی خویندکارانی کوردستانەوە. کیشە ئەوەیە لە کوردستاندا زانکۆکان بوونەتە مەیدانی تاقی کردنەوەی توندو تیژی، کێشەکە ئەوەیە کە هێشتا زانکۆکانی کوردستان لە نەبوونی تەکنەلۆژیاو تاقیگەو پسۆڕو کادری فنی پێویست،... ڕەنج دەبات کەچی لەولاوە دەستەلاتداران پیێ یان لیێ کردوەتە کەوش و هەر دەیلێن و دەیلێینەوە ( جەنگ جەنگ تا پیرۆزی )، حکومەت تازە بڕیاری داوە ئێمە دەبێت ئەو زانکۆی ئەهلی یە بکەینەوە. کێشەکە ئەوەیە کە نەك هەر نیزامی خوێندو پەروەردە پێویستیان بە ئالوگۆڕێکی ڕیشەی و بنیادنانەوە هەیە بەڵکو لە ڕاستی دا زانکۆکانی کوردستان بۆ ئەوەی کە کەش و هەوایەکی گونجاو لەباری هەبیت بۆ خویندگاران ئەوا دەبیت بەر لە وەلانانی زۆرێك لە عەمیدو لیپسراوانی زانکۆکان، ئەقلیەت باوك سالاری و فەرهەنگ و زمانی توندوتیژی زانکۆکان لە گۆڕ بنرێت و بارودۆخێك ڕەچاوبکرێت کە مرۆۋ پاش بەسەر بردنی دوو تا سیێ دەهەی تەمەنی هەست ڕێزو کەسایەتی و حورمەتی ئینسانی خۆی بکات. کەش و هەوایەکی ئازادو ئینسانی پێشکەوتووخوازانە بۆ ئەو نەوەیە دابین بکرێت کە دەبنە هەوێنی بنیادنانی عیلم و زانست و ئایندەیەکی باشتر بۆ کۆمەلگای کوردستان.

بەبروای من ئەمەش بەر لە هەرشتێك لەگرەوی ئەوەدایە کە حکومەتێکی سکولار نەك هەر تەنها ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی هاولاتیانی دابین بکات ، بەڵکو ژینگەیەکی پڕ تەندروستی و مافە سەرەتای یەکانی خەلکی کوردستانی بەرەسمی یەت بناسریت. هیچ کەسێك لەسەر خۆپیشاندان ومانگرتن وخۆریکخستن وئازادی بیرباوەر... ڕووبەڕووی سزاو زیندان و دەستدرێژی و تەقەلیکردن و چاوترساندن نەکریتەوە. بۆیە بەدلنیای ئەگەر خویندکارانی زانکۆکان چۆنیەتی مسۆگەرکردنی ئەم ماف و ئازادیانە نەکە هەوێنی خەون و ئارەزوەکانی خۆیان و دەست و پەنجەی لەگەلدا نەرم نەکەن و نەخشەو پیلانی بۆ دانەڕێژن ئەوا نیگەرانی و مەترسی یە گەورەترەکان پاش ڕەسمی یەتدان بە دەستوورەکەی حکومەتی جمهوری ئیسلامی عیراق، زانکۆکان دەبن بە " حەوزەی علمی "یە ، علم دەبێت بە حلم و ئازادی بە ئازارو ماف و حورمەتی ئینسانیشمان بە عدالەتی شەریعەتی ئیسلام لە هێڵەك دەدرێت. ئەو کاتە دەست لەسەر ئەژنۆ کورتترەو هەر دەبێت چاوەڕیێ ی قاپی بەزەی و ڕەحمەتی ئاساییش و ملدان بە نەخشەو پیلانەکانیان بین ، یان دەبیت بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی ئینسانی تر لە ریکخراوی راستەقینەی خۆماندا خۆمان ڕێکبخەین و بەکردوە ببینە داینەمۆیەکی کاریگەری گۆرانکاریەکانی کۆمەلگا.